# له توانه‌وه‌وه تا خۆڕاگری:
## (لێکدانه‌وه‌ی زاڵێتی زمانیی له چیرۆکی «ئه‌م چیرۆکه به بنزار بخوێننه‌وه»(۱))

نووشین مه‌حموودی (*)
(جوانرۆ)

### پێشه‌کی

کۆلۆنیالیزم به داسه‌پاندنی سیستمی زمانیی خۆی به‌سه‌ر پێکهاته‌ی ژینی ڕۆژانه‌ی خه‌ڵکانی کۆلۆنیکراودا، پانتایی کۆنترۆڵ و چاودێریی خۆی له‌سه‌ر ئه‌وان زیاد کرد و که‌شی ژیانی فه‌رهه‌نگیی ئه‌وانی به‌رته‌سکتر کردوه. به‌م جۆره، ده‌سه‌ڵاته کۆلۆنیالیسته‌کان په‌ره‌یان به میراته فه‌رهه‌نگییه‌کان و به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بییه‌کان و بواری که‌ڵک وه‌رگرتن له زمانه‌که‌ی خۆیان، له سه‌رانسه‌ری جیهاندا. زمانی کۆلۆنیالیست به‌ره‌به‌ره له ماوه‌ی چه‌ندان نه‌وه‌دا پێگه‌یه‌کی ناسیاوتری بۆخۆی ده‌سته‌به‌ر کرد و له‌گه‌ڵ تێپه‌ڕینی زه‌مه‌ن، بوو به به‌شێک له میراتی فه‌رهه‌نگی و وه‌کوو زمانی فه‌رمی و ستاندارد وه‌رگیرا.

کاتێک ده‌سه‌ڵاتی حوکمڕان به‌کارهێنانی زمانی خۆجێیی قه‌ده‌غه ده‌کات، که‌ڵک وه‌رگرتن له‌م زمانه له هه‌ر ئاستێکدا و بۆ هه‌ر ئامانجێک، ده‌بێت به کرده‌یه‌کی سیاسی و خۆڕاگرانه؛ کرده‌یه‌ک که له‌خۆگری ده‌نگهه‌ڵبڕین، دژایه‌تی و خۆڕاگرییه، هه‌ر بۆیه زمانی کۆلۆنیکراو به شێوه‌ی خۆکار له ده‌ست کۆمه‌ڵگه ژێرده‌سته‌کاندا ده‌بێت به ئامرازێک بۆ خۆڕاگری له هه‌مبه‌ر کۆلۆنیالیزمدا؛ ئه‌و ئامرازه‌ی وا شوناسی له‌ده‌ستچووی کۆلۆنیکراوه‌کان نۆژه‌ن ده‌کاته‌وه، که‌وابوو ئاشکرایه که زمانی کۆلۆنیکراویش وه‌کوو زمانی کۆلۆنیالیست، له‌خۆگری ده‌سه‌ڵات و هێزه. زمان وه‌کوو ماکێکی شوناسساز، به‌رده‌وام ته‌وه‌ری باس و دڵه‌غه‌ی بیرمه‌ندانی وڵاتانی ژێرده‌سته‌ی کۆلۆنیالیزم و

بیردۆزانی ئەفریقایی، هیندی، کارائیبی و نەتەوە کۆلۆنیکراوەکانی دیکە بووە. ئاشکرایە کە ناکرێ زمان بە تەنیا وەکوو چەمکێکی گشتگر و ڕەها لە چوارچێوەی زاراوەناسیی تیۆریی پاش کۆلۆنیالیزمدا هەژمار بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو باسانەی وا سەبارەت بە ئالنگارییەکان، سیاسەتدانانەکان، پرۆسەکان، فۆرمەکان و ڕوانگە زمانییەکان لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم و پاش ئەو خراونەتەڕوو، گرنگییەکی بەرچاو بە زمان لە پێگەی ماکێکی بنەڕەتی لە بیچم بەخشین و پەرەپێدانی تیۆریی پاش کۆلۆنیالیزم دەبەخشێت.

نووسەرانی وڵاتانی کۆلۆنیکراو هەر بەو ڕادەیەی وا شێلگیرانە بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی سیاسی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیان هەوڵیان داوە، خوازیاری سەربەخۆیی زمانیی وڵاتەکەی خۆیان بوون و بە مەبەستی هاتنەدی ئەم ئامانجە زۆر تێکۆشاون. زمان لەگوێن یەکێک لە دەرکەوتەکانی فەرهەنگ، هەمیشە لە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ گۆڕانکارییە فەرهەنگییەکان، هاوئاراستە لەگەڵ پێکهاتە نوێیەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی، لە جووڵەدا بووە.

لەم توێژینەوەیەدا چیرۆکی «ئەم چیرۆکە بە بنزار بخوێننەوە»، لە نووسینی جەبار شافعی زادە، گێڕانەوەی کۆچی بنەماڵەیەکی کوردە لە زێدەکەی خۆیانەوە بۆ شاری تاران. گێڕانەوەکە زیاتر لەسەر ئەزموونی ژیندراوی کچی ئەو بنەماڵەیە چڕ بووەتەوە؛ کچێک کە پاش ئەو کۆچە، دەچێتە ناو سیستمی پەروەردەیی شارییەوە و بە هۆی نائاشنایی لەگەڵ زمانی فارسیی پێوەر، لەگەڵ کۆمەڵێک گوشاری دەروونی و فەرهەنگی جۆراوجۆر ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

لەم چیرۆکەدا قوتابخانە کەشێکی بێلایەن و هێمن نییە، بەڵکوو شوێنێکە وا زمانی فەرمیی و پێوەر لەودا دەبێت بە ئامرازێک بۆ ڕەواندنەوەی فەرهەنگی. کازیوە، کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە،




**جەبار شافعی زادە**

بەپێی قسەکردن بە زمانی دایکی و بێتوانایی تەواو لە فامکردنی زمانی فارسیدا، لە لایەن هاوپۆلەکان و هەندێک جار مامۆستاکانەوە، دەدرێتە بەر تیری گاڵتەجاڕی، کەمتەرخەمی و گۆشەگیری. ئەم بارودۆخە وردەوردە دەبێتە هۆی بیچم گرتنی هەستی شەرم، بێدەنگی و داکشانی متمانەبەخۆیی لەودا.

زۆرەملێکردن بۆ خوێندن بە زمانی فارسی، تەنیا کێشەیەکی پەروەردەیی نییە، بەڵکوو تەنگژەی شوناسی تاکەکەسی و فەرهەنگیی ئەو منداڵەی لێ دەکەوێتەوە؛ بە جۆرێک کە ئەم کیژۆڵەیە لە نێوان زمانی دایکی خۆیدا و زمانی زاڵی کۆمەڵگەدا تووشی دابڕان دەبێت، بنەماڵەش، سەرەڕای پشتیوانیی سۆزدارانە، توانایی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ میکانیزمگەلی فەرهەنگی و پەروەردەیی زاڵدا نییە و دواجار ئەوانیش ناچار دەبن ئەو زمانە فێر بن.

## لێکدانەوەی چیرۆک

گفتوگۆی سەرەتایی چیرۆک، زمان وەک ئامرازی

دەسـەڵات لـە سیسـتمی پـەروردەدا دەنوێنێتـەوە و دەسـپێکی پرۆسـەی ڕەواندنـەوەی شوناسـیی ئـەو منداڵـە کۆچبەرەیـە، هـەر لـە ڕستەکانی یەکەمـدا، مامۆسـتاکە بـە پێداگری لەسـەر بەکارهێنانـی نـاوی فارسـیی «سـپیدە»، نـاوی کوردیـی «کازیـوە» دەسـڕێتەوە؛ ئـەو شـتەی وا پیشـاندەری یەکـەم کـردەی توانـەوە و ئاسمیلاسیۆنیسـتیی قوتابخانەیـە ئـەو کاتەیـە وا لەگـەڵ شوناسـی زمانیـی منداڵەکـە ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە، هـەر ئـەو جۆرەی وا لـە دەقەکەدا هاتـووە: «نـاوم کازیـوە بـوو، لـە قوتابخانـە بـە سپیدە بانگیـان دەکـردم» (شـافعیزادە، ۵:۱۴۰۳)، گۆڕینـی نـاو تەنیـا شـێوەیەک لـە سـاناکردنەوەی زمانـی نییـە، بەڵکـوو بـە کردەیەکـی هێماییـن بـە مەبەسـتی نکووڵـی کـردن لـە زمانـی دایکـی و پێناسـەکردنەوەی دووبـارەی شوناسـی ئـەو منداڵـە بەپێـی زمانـی پێـوەر دێتـە ئەژمار. دووپاتەبوونـەوەی بەردەوامـی نـاوی «سـپێدە» لـە ڕسـتەگەلێکی وەکـوو «ئـەوە دیسـان درەنـگ هاتـی سـپێدە» و «ئـەوڕۆ خـۆ دیسـان مەشـقەکانی نەنووسـیوە سـپێدە» (هەمـان:۵) گوشـاری بەردەوامـی قوتابخانـە لەسـەر ئـەو منداڵـە کۆچبـەرە و هەوڵـدان بـۆ هاوتاکردنـی ئـەو لەگـەڵ سـتانداردەکانی زمانـی فەرمـی دەردەخـات. بێدەنگی و بێتوانایی کازیـوە لـە وەڵامدانـەوەی ئـەم گوشـارانە، کـە لـە ڕسـتەی «لەگـەڵ تـۆم نییـە کچـێ؟ بـۆ جـواب نادەیـەوە (هەمـان: ۵) دەردەکەوێت، نـەک ناکارامەیـی تاکەکەسـی، بەڵکـوو نیشـانەی یەکـەم ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو لەگـەڵ توندوتیژیـی زمانـی فەرمییـە؛ توندوتیژییـەک کـە هـەر لـە سـەرەتای گێڕانـەوەدا، ئاراسـتەی سـڕینەوەی بەرەبـەرەی ئـەو منداڵـە کۆچبـەرە لـە پێکهاتـەی پەروردەییـدا دەکێشـێتەوە.

ئەزموونـی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ گوشـارەکانی قوتابخانـە، بەسـتێن بـۆ ڕۆڵـی ئاڵـۆزی بنەماڵـە دیـاری دەکات؛ دایـک بـە بەکارهێنانـی هاوکاتـی فارسـی و کـوردی «ئافەرین کازیـوە گیان فره خاس نووسـیوتە...» (هەمان: ۱۹)، پـاش تەواوکردنـی مەشـقەکان لـە لایـەن کازیـوەوە، دەری دەخـات کـە تەنانـەت بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ گوشـارە ئاسمیلاسیۆنیسـتییەکانی قوتابخانە، کەشـی بنەماڵە دەتوانێـت شـوێنێک بێـت بـۆ خۆڕاگری هێماییـن و سـازگاریی خۆپارێزانـە. تێکەڵاوکردنـی دوو زمـان لـە لایـەن دایکـەوە، ئەگەرچـی لـە ڕواڵەتـدا هانـدان و خۆشەویسـتییە، ڕاسـتییەکەی بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ کچەکـەی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ زمانـی فەرمیـی قوتابخانـە ئامـادە دەکات، بەبـێ ئـەوەی شوناسـە کوردییەکـەی سـەرکوت بکات. لـە ڕوانگـەی تیۆریگەلـی پـاش کۆلۆنیالیسـتییەوە، ئـەم هەڵسـوکەوتە نیشـاندەری هاوڕێیەتـی و خۆڕاگریـی هاوکاتـە لـە هەمبـەر دەسـەڵاتدا، دایـک بـە نیـازی پشـتگیری، ڕێگـەی هاوتاکردنـی منـداڵ لەگـەڵ سیسـتمی زاڵ خـۆش دەکات و لـە هەمـان کاتـدا، زمانـی دایکـی و بەهـای فەرهەنگیـی ئـەو دەپارێزێت.

لـە درێـژەدا، لێکدژایەتـی نێـوان گوشـاری قوتابخانـە و پشـتگیریی بنەماڵـە، لـە دیمەنێکـی دیکـەدا دەردەکەوێـت: لـە کاتـی شـێوەکاری و نووسـینی وشـەدا، سـپیدە بـە زمانـی کـوردی دەنووسـێت «شـربت، ئـاو»، کاردانـەوەی مامۆسـتا بـە پرسـیاری گاڵتەجاڕانـەی «بالاخره شـربت است یا آب؟» (هەمـان:۲۵)، گوشـاری هێماییـی زمانـی فەرمـی دەردەخـات و هـاوکات منداڵەکـە دەخاتـە بـەر خەملانـدن و گاڵتەجاڕییەکـی کۆنترۆڵکـەرەوە.

ئەم هەڵسوکەوتە، نموونەیەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی منـداڵ لەگـەڵ زاڵێتیـی هێماییـی قوتابخانـە، ئـەو شـوێنەی وا تەنانـەت چالاکیـی داهێنەرانـە بـە زمانـی کـوردی پێویسـتی بـە پاسـاودانەوە و هاوتاکردنـە. قووڵایـی کارەسـاتەکە کاتێـک ڕوون دەبێتـەوە کـە کازیـوە دەنێردرێـت بـۆ ناوەنـدی کێشـە زمانییـەکان بۆ ئـەوەی توانایـیەکانی ئـەو لـە زمانـی فارسـیدا بەهێـز بکرێـت. پیـاوە سـمێڵییەکە، نوێنـەری دەسـەڵات، بـە ڕوانینێکـی لـە سـەرەوە بـۆ خـوارێ بـە دایکـی دەڵێت: «وادیـارە لـە ماڵـەوە بـە فارسـی قسـە ناکـەن؟ ئەوەیـە ئیـدی، کاتێـک لەسـەر زمانەکەتـان دەمارگیـرن

و لە ماڵەوە بە کوردی دەدوێن، منداڵەکەتان لە قوتابخانە تووشی گرفت دەبێت.» (هەمان:٣٤).

لەم قسەیەدا، زمانی کوردی نەک وەکوو ئامرازێکی فەرهەنگی و شوناسی، بەڵکوو بە لەمپەرێک بۆ توانایی منداڵ بۆ هاوتا بوون لەگەڵ ستانداردەکانی قوتابخانە دەزانرێ و دایک و باوک و منداڵەکەش وەکوو ژێردەستگەلێک کە دەبێ ڕابهێنرێن، داوەرییان لەسەر دەکرێت. ئەو هاوکات بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، خۆی وەکوو کەسێکی نادەمارگیر دەناسێنێت، کە نموونەیەک لە لێکدژایەتیی دەسەڵات و شەرعییەتدان بە زاڵێتی؛ واتە ڕوانینی سەردەست، ژێردەستەکانی تەنانەت لە باری شوناسی و مرۆییەوە بە تەواو نازانێت. ئەم هەڵسوکەوتە، نموونەیەک لە توندوتیژیی هێماییی زمان و زاڵێتیی فەرهەنگی؛ منداڵ و بنەماڵە لە چوارچێوەی نۆرمەکانی زمانی زاڵدا، بە «مرۆڤ» نایەنە ئەژمار و زمانی دایکی، تەنانەت لە شوێنکاری تاکەکەسی و ماڵەوەدا، لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە بە ناکارامە و ناتەواو دەزانرێت.

کەوابوو، گوشار لەسەر منداڵ و بنەماڵە لە قوتابخانە کۆتایی نایەت، بەڵکوو لە ئاستی کۆمەڵایەتی و داوودەزگاییدا درێژەی دەبێت و ئەزموونی پەروەردەی منداڵ ئاوێتەی دڵەڕاوکێ، سووکایەتی و هەڕەشەی شوناسی دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم میکانیزمی زاڵێتییە تەنیا لە چوارچێوەی زمانی فەرمی، پۆلەکانی قوتابخانە، یان هەڵسەنگاندنە پەروەردەییەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکوو دزە دەکاتە ناو توێژە نافەرمی و بەڕواڵەت نامەترسیدارەکانی ژیانی قوتابخانەییەوە.

دەکرێ یەکێک لە مانادارترین دەرکەوتەکانی ئەم دزەکردنە لە یارییە بەکۆمەڵەکانی منداڵاندا ببینین؛ ئەو کەشەی وا چاوەڕوان دەکرێت بەدەر بێت لە کۆنتڕۆڵی دامەزراوەیی، بەڵام لە کردەوەدا دەبێت بە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانەوەی هەمان لۆژیکی ناوەند/ پەراوێز. لەم ئاستەدا، فەرهەنگی زاڵ تەنیا زمان ناکاتە ئامانج، بەڵکوو دەرەتانی هەبوون و بەشداریی منداڵی کۆلۆنیکراو بەتەواوی بەرتەسک دەکاتەوە. بێبەشیی کازیوە لە بەشداریکردن لە یارییەکانی قوتابخانەدا، بە هۆی نائاشنایی لەگەڵ «شیعری یارییەکان»، تەنیا پەرگیرییەکی منداڵانە نییە، بەڵکوو دەرکەوتەی ڕاستەقینەی میکانیزمەکانی کۆلۆنیالیزمی فەرهەنگییە لە ئاستێکی بچووکدا کە لە ڕێگەی دامەزراوەی پەروەردەیییەوە دەسەپێنرێت. قوتابخانە لەم گێڕانەوەیەدا، وەک ئەو شتەی وا فووکۆ وەکوو داوودەزگای بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵی گوتار باسی لێ دەکات، تەنیا ئەو فۆرمە لە فەرهەنگ بە فەرمی دەناسێت کە لە چوارچێوەی زمان و ئیپیستمەی زاڵدا پێناسە کراون. کاردانەوەی بەڕێوەبەری قوتابخانە: «ئێمە لە زاراوەی ئێوەی کورد تێناگەین، چووزانین چی لە پشت یارییەکەتانە» (هەمان: ٦٦).

بە ڕوونی دەری دەخات کە بێتوانایی ناوەند لەمەڕ تێگەیەشتن لە زمان و فەرهەنگی پەراوێز، نەک وەکوو کەموکوڕییەکی ناسیاری، بەڵکوو وەک پێشگریمانەیەکی ئەمنی و هەڕەشاوی دەنوێنرێتەوە. لەم گوتارەدا، یاریی خۆجێیی منداڵانە نەک وەک کردەیەکی نامەترسیدار، بەڵکوو وەک هەڵگری پەنگراوی کاری «نایاسایی» وێنا دەکرێت؛ وەک چۆن بەڕێوەبەری قوتابخانە بە خستنە ڕووی پرسیاری «ئەگەر قسەی نایاسایی لە یارییە کوردییەکەی ئێوەدا بوو، کێ بەرپرسایەتییەکی وەئەستۆ دەگرێت»، فەرهەنگی کۆلۆنیکراو لە پێگەی ئۆبژەیەکدا جێگیر دەکات کە پێویستی بە چاودێری و کۆنترۆڵە. لە بەرانبەردا، کردەی دایک «ئەوە تەنیا یارییەکی منداڵانەیە، وەکوو ئەو یاریانەی وا ئێوە هەتانە» (هەمان:٦٦) هەوڵێکە بۆ جێگیرکردنی فەرهەنگی پەراوێز لە ئاستی کاری هاوبەش و ئینسانیدا؛ خۆڕاگرییەکی ڕۆژانە کە هەژموونی فەرهەنگیی زاڵ قەبووڵ ناکات.

لە ڕوانگەی (گرام)شییەوە، هەر ئەم دەرەتانی بینران و بەرهەمهێنانەوەی فەرهەنگی ناناوەندەییە،

تەنانـەت لـە چوارچێـوەی یاریـی منداڵانـدا، کەلێنێـک لـە تەکووزیـی (واقیعـی) هەژموونێکـدا دروسـت دەکات، هـەر بۆیـە لەگـەڵ دژکـردەوەی دەمارگیرانـەی دەسـەڵات ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە، کەوابـوو، ئـەم دیمەنـە دەری دەخـات کـە کۆلۆنیالیزمـی فەرهەنگـی تەنیـا لـە ئاسـتە زەبەلـلاح و فەرمییەکانـدا نامێنێتـەوە، بەڵکـوو دزە دەکاتـە نـاو پۆلەکانـی قوتابخانەشـەوە و بـە داسـەپاندنی توندوتیژیـی هێماییـن، منداڵـی کۆلۆنیکـراو لـە سـەرەتاییترین فۆرمەکانـی بەشـداریی کۆمەڵایەتـی و شوناسـی بێبـەش دەکات. لـە درێـژەی پرۆسـەگەلی سڕینەوە و توانـەوەی فەرهەنگـی کـە لـە دامـەزراوەی قوتابخانـەدا دەسـەپێنرێت، گێڕانـەوە لـە خاڵێکی مانادارەدا، دەرەتانی دەرکەوتنی جۆرێـک لـە خۆڕاگریـی ورد و ڕۆژانـە دەخاتـە ڕوو؛ خۆڕاگرییـەک کـە نـەک لـە ڕێگـەی ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاسـتەوخۆ، بەڵکـوو لـە ڕێگـەی ئافراندنـەوەی ڕێوڕەسـمەکان و بیرگـەی فەرهەنگییـەوە کار دەکات.

بڕیـاری دایکـی کازیـوە بـۆ دروسـتکردنی «بووکەبارانـە» و ئەسـپاردنی بـە منداڵەکـەی، نموونەیەکـە لـەو شـتەی کـە لـە تیۆرییەکانـی پـاش کۆلۆنیالیزمـدا بـە «خۆڕاگریـی فەرهەنگـی» دەناسـرێت؛ ئـەو خۆڕاگرییـەی وا لـە هەنـاوی پێکهاتـەی دەسـەڵاتدا کار دەکات، بەبـێ ئـەوەی بەپێـی پێویست ئـەو پێکهاتەیـە تێـک بدات. بردنـی بووکەڵـە بـۆ قوتابخانـە و ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ بەرهەڵسـتکاریی بەڕێوەبـەر و جێگرەکـەی، دەری دەخـات کـە داوودەزگای زاڵ، تەنانـەت چاویـان بـە ڕێوڕەسـمە هەمووانییەکانیش سـوور دەبێـت، چونکە ئـەم ماکانـە هەڵگـری جۆرێـک مانـا و لێکگرێـدراوی بەکۆمەڵـن کـە لـە دەرەوەی لۆژیکـی عەقڵانـی و کۆنترۆڵهەڵگـری ناوەنـددا پێـک هاتـوون.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، وەرگیرانـی بەرەبـەرەی ئـەم ڕێوڕەسـمە لـە لایـەن منداڵانـەوە، خاڵێکـە کـە لـەودا هەژموونـی زاڵ تووشـی گرفـت دەبێـت؛ ئـەو جێیـەی وا دەسـەڵاتی دامەزراوەیـی قوتابخانـە توانسـتی دەستتێوەردانی کارتێکـەری خـۆی لـە کیس دەچێت و گوتـاری زاڵ لـە هەمبـەر داوای بەکۆمەڵـی ژینـدراودا پاشەکشـێ دەکات.

خوێندنـەوەی شـیعری «بووکەبارانـە» لـە لایـەن کازیـوەوە نـەک تەنیـا گەڕاندنـەوەی زمـان و ڕێوڕەسـمی کـوردی بـۆ کەشـی گشـتی و قوتابخانەیە، بەڵکـوو بـە کردەیەکـی هێماییـن بـۆ ئەسـتاندنەوەی دەنـگ و کارتێکەریـی منداڵـی کۆلۆنیکـراو دێتـە ئەژمـار. بارینـی بـاران لـەو ڕۆژەدا لـە ئاسـتی گێڕانـەوەدا، وەکـوو سـەرگرتنی هێماییـی ئـەو خۆڕاگرییـە دەخوێنرێتـەوە؛ ڕووداوێـک وا ڕوانینـی منداڵـەکان دەگۆڕێت و کازیـوە لـە پێگـەی «ئەویدی بێدەنگ»ـەوە دەگوازێتـەوە بـۆ «بکـەری مانـا». لـەم ڕوانگەیـەوە گێڕانـەوە ئـەوە نیشـان دەدا کـە هەرچەنـد خۆڕاگریـی فەرهەنگـی هەمیشـە ئاکامـدار و سـەقامگیر نییـە، بـەڵام دەتوانـێ بـە دروسـتکردنی هەندێـک قەڵەشتی کاتـی لـە تەکووزیی کۆلۆنیالیدا، کۆمەڵێـک دەرەتانی نـوێ بـۆ بینـەران، ماناسـازی و پێناسـەکردنەوەی دووبـارەی شـوناس تەیـار بـکات.

## دەرەنجام

دەرئەنجامەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە دەری دەخـات دژە گێڕانـەوەی «این داستان را با لهجه بخوانید» زمـان لـە پێگەیەکـی سـەرتر کـە ئامرازێکـی پێوەنـدی گرتنـدا دەنوێنێتـەوە و دەیخاتـە نـاو دڵـی میکانیزمگەلـی بەدامەزراوەکـراوی دەسـەڵاتدا. ئـەوەی وا لـە ئەزموونـی ژینـدراوی منداڵێکـی کۆچبـەردا شـەمەند دەبێتـەوە، نـەک تەنیـا دژواریـی فێربوونـی زمانـی فەرمـی، بەڵکـوو دواهاتگەلـی شوناسـی و دەروونـی بەزۆرەملـێ چوونـە نـاو تەکووزییەکـە وا تەنیـا یـەک سەرچەشـنی زمانـی و فەرهەنگـی بـە فەرمـی دەناسـێت.

ئـەم گێڕانەوەیـە، قوتابخانـە وەکـوو دامەزراوەیـەک دەناسـێنێت کـە لـە ڕێگـەی ڕێسـاگەلی بەڕواڵـەت پاسـیڤی پەروەردەییـەوە، جیاوازیـی زمانـی بـەرەو کەمایەسـی، لادان و کێشـەیەک دادەکشـێنێت کـە دەبـێ چارەسـەری بـۆ بکرێـت، بـەم جـۆرە،

پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵ، هاوکات لەگەڵ پرتووکانی شوناسی زمانیی ئەو بەرەو پێشەوە دەبات. تاووتووکردنی کردەکان و گوتارگەلی دامەزراوەی پەروەردەیی و نوێنەرەکانی دەری دەخات کە سڕینەوەی زمانی «ئەویدی»، نەک دەرئەنجامی ناکارامەیی ئەو زمانە، بەڵکوو بەرهەمی لۆژیکی بەستانداردکردنە؛ لۆژیکێک کە بە ناوی ئاوەزمەندێتی، تەکووزی و پێشکەوتن، جۆرەکانی دیکەی ئەزموونی زمانی دەخاتە پەراوێزەوە. لەم چوارچێوەیەدا نەک وەکوو بکەری فێربوون، بەڵکوو وەکوو مژارێک بۆ چاکسازیی و هاوتاکردن پێناسە دەکرێت.

داکشاندنی زمانی دایکی وەکوو لەمپەرێک لەسەر ڕێی پەروەردە، بەرپرسایەتیی ناکامیی پەروەردەیی لە ئاستی پێکهاتەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستی تاکەکەسی و بنەماڵەیی و بەم جۆرە، نایەکسانیی زمانی وەکوو شتێکی ئاسایی دەنوێنێتەوە. لەم پرۆسەیەدا، گێڕانەوەکە فۆرمگەلێک لە کردەی ڕۆژانە دەخاتە ڕوو کە بەبێ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشکرا لەگەڵ بنکەی دەسەڵات، بەردەوامی زمان و فەرهەنگی پەراوێز مەیسەر دەکات. ئەم کردەوانە نەک وەکوو تێکدانی تەکووزیی زاڵ، بەڵکوو وەکوو ستراتیژیگەلێک بۆ پاراستنی یەکگرتوویی شوناسی و کەمکردنەوەی خەسارە دەروونییەکان دەجووڵێتەوە.

نواندنەوەی ئەم دۆخە مامناوەندییانە دەری دەخات کە مانەوە و بەرهەمهێنانەوەی فەرهەنگ، بەپێی پێویست لە چوارچێوەی گوتارگەلی قەبە، یان ڕووبەڕووبوونەی ڕاشکاودا بیچم ناگرێت، بەڵکوو زۆر جاران لە ئاستی پێوەندیی سۆزدارانە، ئایینی و زمانییەکانی ڕۆژانەدا دێنە دی. بەگشتی، ئەم چیرۆکە بە چڕبوونەوە لەسەر ئەزموونی منداڵێک لە سنووری نێوان دوو سیستمی زمانیدا دەژی، ئەم کێشەیە شەمەند دەکات کە توانەوەی زمانی لە سیستمی پەروەردەدا، بێجگە لە دواهاتە پەروەردەییەکان، بە شێوەیەکی بنەڕەتی شوێن لەسەر هەستی گرێدایی، متمانەبەخۆیی و دەرەتانی بەشداری کۆمەڵایەتی دادەنێت. لەم ڕوانگەیەوە، دەق سەرووتر لە گێڕانەوەی تاکەکەسی، بانگەوازێکە بۆ بیرلێکردنەوەی دووبارە لە پێوەندی نێوان زمان، پەروەردە و دادپەروەری و پێویستیی سەرنجدان بە فرەوانیی زمانی وەکوو بابەتێکی پێکهاتەیی، نەک پەراوێزی وەبیر دێنێتەوە.

**پەراوێز:**

**(١) این داستان را با لهجه بخوانید.**

**سەرچاوەکان:**

- سعید، ادوارد (١٣٨٢). شرق‌شناسی، ترجمەی عبدوالرحیم گواهی، تهران: دفتر نشر فرهنگ اسلامی.
شافعی‌زاده، جبار (١٤٠٣). این داستان را با لهجه بخوانید، تهران، محراب قلم.

Foucault, M. (1990). The history of sexuality, Vol. 1: An introduction (R. Hurley, Trans.). Vintage.

Gramsci, A. (1971). Selections from the Prison Notebooks. New York: International Publishers.

Bourdieu, P. (1991). Language and Symbolic Power. Cambridge: Polity Press.

**(*) کارناسی باڵای ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان.**